# بـريـێـڤ ( 5 )

**شـــێرزاد هەینی**
sherzad55@hotmail.com

رۆژانە ئەگەر بچیتە دیوەخانی دائیرەکان. رۆژانە ئەگەر سەر لە مەجلیسی گەرمی ژووری فەرمانبەرانی دەزگاکانی ئەم هەرێمە نازدارە بەدیت، کە بە حەزەوە دەچیتە هۆبەکانی دائیرەکان. بەدیار ئەو فەرمانبەرانە رادەوەستیت. گوێت لە ئاخاوتنی و وەڵامدانەوەی زەنگی تەلفۆنەکانیان دەبێت. پێت خۆش بێ یان لام ناخۆش بێ، من و هەموومان دەچین و دەبینین، چە ئاپوورەیەك خەڵك و مێوان و لایدە دەچنە ئەو دائیرانە. هەزارەها کەس دەچێتە ئەو دەزگایانەو کاری هەیە. ئەگەر لەو مانگە یان لەو رۆژە ناچار نەبیت بچیتە ئەو دائیرانە، ئەوە لە ماوەیەکی تر هەر دەچیت، ئەگەر شوێن و دەزگاو بارەگاو دامەزراوێك پێویستت پێیان نەبێت، ئەوە رۆژێ زۆر پێویستت پێیان دەبێت.

هەزارەها ئوتومۆبێل رادەگریت، پارکەکانی راگرتنی ئوتومبێل ئەگەر هەبێت، ئەگەرنا شەقامەکانی هەموو ناوچەکەو سەر شۆستەکان و بندارەکان و بندیوارەکان و بنجۆگەکان و بندووکانەکان و بندارتێلەکان و بنسێبەرەکان یەکپارچە دەبێتە گەراج. هەموویان کاریان هەیەو حەقی خۆیانە. رێزیان دەگیرێت و کاریان مەیسەر دەبێت و دەگەرێنەوە.

منیش بە شەرمەوە دەبێژم،

چەند خۆش و شارستانی دەبوو، ئەو هەموو کارانە مەیسەر بوایە، ئەو هاووڵاتیانە رازی کرابانە، هەموویان سوپاسی گەرم و بەسۆزیان هەبوایە، هەموویان ماندوو نەکرابانە.

ئاپوورەکەش کەم و هێمن بوایە.

چەندی ماوە ئەو دەڤەرە، ئەو هەرێمە نازدارەی هەر ماندووەو هەر ماندووتر دەکرێت. ئەو کارانە بە پۆست، بە رۆتینی کەم، بە لاپەرەی کەم و دیداری کەم، هەمووش لە هۆبەو ژوورو گۆشەی پێشوازی بوایە، واتە لە ئیستعلامات تەواو کرابایە. هەموو کارەکان لە یەك ژوور تەواوکرابایە، ئەوەی لە ژووری یەکەمەوە دۆسیەو سەرەتاییەکانی دەبینی تۆو ئەوان و هەموویانی دەبینی، بیتوانیبایە، فەرمانبەرو ژمێریارو وردبین و دەستەبەکارو دەستدارو دەسترۆیشتوو و دەستگەرم و دەستخاوێن و دەستنەرم بوایە. زۆر کارو کارنامەو مۆلەت و رێنمایی بە پۆست بووایە. بە تلفۆن زۆر کار تەواوبوایە، بە نامە پشتگیری و پێشنیازو داوا تەواو بوایە. ئەو چەند کۆمپیوتەری هەس، کاری پێکرابایەو هۆردەکەی زۆر بابەت و ئیستمارەو دۆسیەی تێدابایە.

فەرمانبەرو دەزگاکان ئەگەر هەموو پێویستیەکانیان بۆ ئاسان و خۆش و جوان و دەستەبەرو دەستەڵاتدارو ئامادەو بەتواناو بەهەیبەت بکرێت، ئەگەر بە خوێندن و سیمینارو بروانامەو راهێنان و راهاتن و پارەو ئامێرو ماشین و ئەرشێف و ... جۆش و دەوڵەمەند بکرێن، کارو بەرهەم و داخوازی و ویستی هەموو کەسێك بە ئاسانی مەیسەر دەبێت. نە خەڵك و کارو پێویستیەکانی شایستەی ئەوەن کارو پرۆژەکانیان وا بەرێوەبچێت، نە رەوش و ژیان و بەرنامەی کارمەندانی هەموو دەزگاکانیش شایستەی ئەوەن وا بژین، وا مامەلەیان لەتەك بکرێت.

ئەو رۆژو کاتەی کارێك لە دەزگایەك جوان و خێراو راست تەواوبوو، ئەوە پێشکەوتن لەسەر زۆر روو و شێوە بەرقراربووە، کۆمپیوتەرەکان بە باشی و بە زۆری کاری کردووەو کاری راپەراندووەو کاری ئاسانکردووەو کاریشی بۆ رۆژێکی ترو جارێکی تر هەمان کەس هەڵگرتووەو دۆزینەوەشی ئاسانە.

ئەو دەمەی ئەو کارو ئەو بەرنامەیە لەناو کۆمپیوتەرەکە نەدۆزرایەوەو ناوەکەی و ناوەرۆکەکەی نەدۆزرایەوە، ئەوەیان واتە ئیش و بەرنامەو کارمەندی باشترو وریاتری دەوێت. هەرچەندی دەروازەی دائیرەکان سووکترو هێمنترو چۆڵتر دەرکەوتن، واتە هەموو کارەکان، هەموو کەسەکان کاریان خێرا بەرێکراوەو هەموویان گەراونەتەوە. ئەگەر ئەوەش کرا، زۆری نامینێت، پۆست و نامەو تلفۆن کارئاسانی زۆرتر دەکات، سەردانی کەمترو گەرانەوەی کەمتر، واتە زۆرتر کاربەرێکردن و رازییکردنەی هاووڵاتیانە.